هەرێمی کوردستان- عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی

Kurdistan Region-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للامور الصحية


ژمارە: No:
ڕێکەوت: / ٢٧١٨/کوردی Date / / 2019

((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

## بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، سلێمانی، دهۆک
## هەڵەبجەی شەهید ،گەرمیان، ڕاپەڕین، کۆیە

### بابەت/ ڕێنمایی هاوردە کردنی ڕۆنی خۆراکی (زیت، ڕۆنی خەست)

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ڕۆژی دوو شەمە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٨) لە دیوانی وەزارەتمان. سەبارەت بە دانانی ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی بازرگانی کردن بە هاوردە کردنی ڕۆنی خۆراکی (زیت، ڕۆنی خەست) وە کارگەکانی بەرهەم هێنان لە هەرێمی کوردستان و عیراق. کاری پێویست ئەنجام بدەن بە پەیرەو کردنی ئەم ڕێنمایانەی خوارەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا.

**ماددەی یەکەم-** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی زانیاری پێویست تۆمار بکات.

**ماددەی دووەم-** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت بەڵێنامە بدات سەبارەت بەو زانیاریانەی تۆماری کردووە، هەمووی تەواوە، وە پابەندی گشت یاساو ڕێنماییەکانی تەندروستی بێت بۆ هاوردەکردنی ڕۆنی خۆراکی (زیت و ڕۆنی خەست).

**ماددەی سێیەم -** بازرگان دەبێت ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت.

**ماددەی چوارەم-** ڕێگە بە هیچ بازرگان/ کۆمپانیای هاوردەکردنی ڕۆنی خۆراکی (زیت و ڕۆنی خەست)نادرێت ئەگەر تۆمار نەکرابێت.

**ماددەی پێنجەم-**بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت زانیاری ئەو بریکارانەی بەرهەمەکانیان پێ دەفرۆشێت لە شارەکانی کوردستان پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکات.

**ماددەی شەشەم -**بازرگان/ کۆمپانیا لە کاتی زیادکردن یان گۆڕینی بریکارەکەی بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکەی دەبێت وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی ئاگادار بکرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم -**بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت مۆڵەتی تەندروستی کۆگایان هەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی ئەو شارەی کۆگاکەی لێیە، وە پێویستە ساڵانە لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی، مۆڵەتەکەی پێشکەش بەوەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکات.

**ماددەی هەشتەم -**بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت هەموو ئەو بریکارانەی بەرهەمەکانیان پێ دەفرۆشێت مۆڵەتی تەندروستی کۆگایان هەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی ئەو شارەی کۆگاکەی لێیە،وە پێویستە ساڵانە لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی، مۆڵەتەکەی پێشکەش بەوەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکات.

**ماددەی نۆیەم -** بازرگان/ کۆمپانیا بەڵێنامەی لێ وەردەگیرێت کە لە کاتی هاوردەکردنی بەرهەمەکەی بۆ هەر باج نەمبەرێک ئەو بەڵگەنامانەی ئاماژەمان پێ کردووە بە شێوەی (Original)بهێنێت دوای (٢٠) ڕۆژ وە کار بە کۆپی بەڵگەنامەکان دەکرێت لە سەرەتادا بۆ ڕای کردنی مامەڵەکەی. وە پێویستە بە پێ بەڵگەنامەکان کە دیاری کراوە پشتراست کرابێتەوە لە لایەن....

١- ژووری بازرگانی و پیشەسازی وڵاتی بەرهەم هێن.
٢- وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی بەرهەم هێن.

| هەرێمی کوردستان- عیراق | Kurdistan Region-Iraq | إقليم كوردستان-العراق |
|---|---|---|
| ئەنجومەنی وەزیران | Council of Ministers | مجلس الوزراء |
| وەزارەتی تەندروستی | Ministry of Health | وزارة الصحة |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی | | المديرية العامة للامور الصحية |

ژمارە: No:

ڕێکەوت: / ٢٧١٨/کوردی Date / / 2019

((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

ماددەی دەیەم – هەر کاتێک وەزارەتی تەندروستی بە پێویستی زانی دەبێت بازرگان/ کۆمپانیا لە سەر ئەرکی خۆی بە لایەنی کەم تیمێکی (3) کەسی سەردانی کارگەی بەرهەم هێن بکەن لە وولاتی سەرچاوە بۆ دڵنیابوون لە هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێنماییاکانماندا ئاماژەی پێ کراوە لە هەموو بوارەکان تایبەت بە بەرهەمەکەی.

ماددەی پانزەهەم- لەکاتی بوونی هەر گرفتێک لە بەرهەمەکەی، وەزارەتی تەندروستی بەپێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی (١٩٨١) هەڵدەستێ بە راگرتن یان دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمەکەی لەبازاردا تاوەکو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دڵنیا دەبێت لە هەموو رووێک سەبارەت بە بەرهەمەکەی.

مادەی دوانزەهەم - ئەگەر کۆمپانیا/ بازرگان دوای جێ بەجێ کردنی ماددەی (دەیەم)ی وە ئەو شاندەی دەچێت بۆ سەردانی کردنی کارگەی بەرهەم هێن لە ڕاپۆرتی ئەنجامی سەردانی کردنەکەیان ئەگەر بەرهەمی کارگەیان بە باشیان زانی هاوردە بکرێت ئەوا کارگەی بەرهەم هێن دەتوانێت هەموو دۆکیومێنتەکان لە ڕێگای ئیمەیلیان بنێرێت بۆ ئیمەیلی(wt.b.chawderykhorak@gmail.com) وە دەبەخشرێت لە ماددەی (نۆیەم).

ماددەی سێزدەهەم -بازرگان/ کۆمپانیا بەر لە هاوردەکردنی بەرهەمەکەی لە وولاتی سەرچاوە پێویستە مۆڵەتی هاوردن لەسەر کلێشەی کۆمپانیا پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکات وە دەبێت زانیاریەکان بەم شێوە بێت کە لە خشتەی خوارەوو ئاماژە کراوە..

| ناوی کۆمپانیای هاوردەکار | ژ.فۆرمی تۆمار | ناوی کۆمپانیای بەرهەم هێن | ناوی بەرهەم | وولاتی سەرچاوە | ژمارەی باچ ئەمبەر | قەبارەی بەرهەم | بەرواری بەرهەم هێنان | بەرواری بەسەرچوون | بڕ/ کمیە (کگم/لیتر) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | |

ماددەی چواردەهەم -دەبێت ڕۆنی خۆراکی (زیت و ڕۆنی خەست) بەپێی تایبەتمەندی پێوانەیی عیراقی بێت.

ماددەی پانزەهەم- پێویستە زانیاری سەر بەرهەمەکە...

١- بەپێ بڕیاری دەستەی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراکی عیراقی ژمارە (١٥٨) لە ٢٠٠٨/٣/٣ خاڵی (٥) بڕگەی دووەم بێت کە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی دیاری کردووە.

٢- بەپێ ی تایبەتمەندی پێوانایی عیراقی ژمارە (٢٣٠) بێت.

٣- هەر گۆرانکاریەک لە تایبەتمەندی پێوانەیی عیراقی کرا تایبەت بەم دوو بڕگەی سەرەوە دەبێت کۆمپانیا/ بازرگان پابەند بێت.


Kurdistan Region - Erbil / Jahid Int.
Phone: 066 223 8014 - 066 223 8015

www.moh-krg.org
E-Mail: it_dep_moh@yahoo.com

هەرێمی کوردستان ـ هەولێر / چوار ڕیانی جاهید
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٣٨٠١٤ — ٠٦٦٢٢٣٨٠١٥

ژمارە: No:

ڕێکەوت: / ۲۷۱۸/کوردی Date / / 2019

## ((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

**ماددەی شانزەهەم-** بازرگان/ کۆمپانیا لەکاتی هاوردنی ڕۆنی خۆراکی (زیت و ڕۆنی خەست) پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە بە زمانەکانی (عەرەبی یان ئینگلیزی) بهێنێت وە دەبێت ژمارەی باج نەمبەر یان ژمارەی (invoice) لەسەر هەموو بەڵگەنامەکان هەبێت.

١. (Packing List) .

٢. (Commercial Invoice) بۆ ئەو بەرهەمەی دەیەوێت هاوردە بکات وە پشتراستکرابێتەوە بە پێ ماددەی نۆیەم خاڵی(١).

٣. بەڵگەنامەی سەرچاوە(الشهاده المنشاء (Certificate of Origin) .وە پشتراستکرابێتەوە بە پێ ماددەی نۆیەم خاڵی(١،٢).

٤. بەڵگەنامەی تەندروستی(الشهاده الصحیه) (Certificate of Health)ی. وە هەروەها بەڵگەنامەی صحه النباتی (Certificate of Phytosanitary ) تەنها بۆ ئەو ڕۆنانەی کە سەرچاوەکەیان ڕۆنی ڕووەکیە وە بەڵگەنامەی فێتەرنەری (Veterinary Health Certificate ) بۆ ئەو ڕۆنانەی کە سەرچاوەکەیان ڕۆنی ئاژەڵیە لە وڵاتی بەرهەمهێن وە پشتراستکرابێتەوە لە لایەن ئەو دام و دەزگایەی بەرپرسیاریەتی بەڵگەنامەکانی سەرەوەی لە ئەستۆدایە یان ماددەی نۆیەم خاڵی (٢).

٥. بەڵگەنامەی شیکردنەوەی تاقیگەیی (Certificate of Analysis)ی وڵاتی بەرهەمهێن وەپشتراستکرابێتەوە لە لایەن تاقیگەی وڵاتی سەرچاوە.

٦. ئەگەر هاتوو بڕوانامەی تەندروستی لە لایەن تاقیگەوە دەربچێت دەبێت بەڵگەنامەیەک بهێنێت کە تیدا ئاماژە بکات ئەو تاقیگەیە ڕاسپێردراوە لەلایەن ئەو دام و دەزگایەی بەرپرسیاریەتی تەندروستی(الشهاده الصحیه) لە ئەستۆدایە ئەو بڕوانامەیە دەربکات وەپشتراستکرابێتەوە لە لایەن ئەو دام و دەزگایەی بەرپرسیاریەتی تەندروستی(الشهاده الصحیه) لە ئەستۆدایە وە یان ماددەی نۆیەم خاڵی(٢) تەنها بۆ یەک جار.

٧. بەڵگەنامەی ئەو ماددە پلاستیکەی کە ڕۆنەکەی تیدا هەڵدەگیرێت کە ئاماژە بکات شیاوە بۆ هەڵگرتنی ڕوونی خۆراکی (Food Grade) وەپشتراستکرابێتەوە بە پێ ماددەی نۆیەم خاڵی(٢) تەنها بۆ یەک جار.

٨. بەڵگەنامەی فرۆشتنی ئازاد (FREE SALE) بسەلمێنێ کە هاوڵاتی وڵاتی بەرهەم هێن ئەم بەرهەمە بەکاربهێنێت وە لە حاڵەتێک ئەگەر لە وڵاتی خۆی نەفرۆشیت پێویستە ئەم کۆمپانیایە بەرهەمەکەی بە لایەنی کەم بفرۆشێت بە دوو وڵاتی تر وە پشتراستکرابێتەوە بە پێ ماددەی نۆیەم خاڵی(٢)تەنها بۆ یەک جار.

**ماددەی حەڤدەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا ئەگەر بەرهەمەکەی ڕۆنی خۆراکی (زیت و ڕۆنی خەست) لە خوارووی عیراق بهێنێت لە ڕێگەی ووشکانی و ئاسمانی بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە پابەند بێت بە هەموو ئەو ماددانەی ئاماژەمان پێ کردووە.

**ماددەی هەژدەهەم -** ئەو کارگانەی لە ناوەخۆی کوردستان و عیراق ڕۆنی خۆراکی (زیت، ڕۆنی خەست)بەرهەم دەهێنن پێویستە پابەند بێت بە ماددەی حەڤدەهەم تایبەت بەڵگەنامەکانی ژمارە (١،٢،٣،٤،٥،٦) بۆ هاوردەکردنی موادی سەرەتایی.

**ماددەی نۆزدەهەم-** ئەو کارگانەی لە ناوەخۆی کوردستان و عیراق ڕۆنی خۆراکی (زیت، ڕۆنی خەست)بەرهەم دەهێنن پێویستە......

١. کۆمپانیا دەبێت ئامادەبێت هەمان ڕۆتینی تۆمارکردن جێبەجێ بکات.

٢. کۆمپانیا دەبێت ناوی بەرهەمەکەی تۆمار بکات لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان یان عیراق.

٣. کۆمپانیا دەبێت مۆڵەتی تەندروستی کارگەی هەبێت.

٤. پێویستە کۆمپانیا ئەو ماددە سەرەتاییەی هاوردەی دەکات مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار بهێنێت. وە وەزارەتی تەندروستی ئاگادار بکاتەوە بەر لە هاوردەکردنی ماددە سەرەتایی.

٥. پێویستە کارگە تاقیگەی هەبێت، وە پێش فرۆشتنی بەرهەمەکەی پشکنینی تەواو بکات لە ڕووی( کیمیاوی، مایکرۆبایۆلۆجی).

ژمارە: No:

ڕێکەوت: / ٢٧١٨/کوردی Date / / 2019

((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

٦. وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی هەر کاتێک بە پێویستی زانی نموونەی بەرهەمەکە لە لە تاقیگەی ناوەندی خۆراک پشکنین ئەنجام دەدات لە ڕووی (کیمیاوی، مایکرۆبایۆلۆجی) وە تێچووی پشکنینەکە لە ئەستۆی کۆمپانیا دەبێت.

**ماددەی بیست** - وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی هەر کاتێک بە پێویستی زانی نموونەی ئەو بەرهەمانەی هاوردە دەکرێن یان لە ناوەخۆی کوردستان و عیراق بەرهەم دەهێندرێن بنرێتە دەرەوە بۆ پشکنین لە یەکێک لە تاقیگەکانی دەرەوە لە ڕووی (کیمیاوی، مایکرۆبایۆلۆجی) وە تێچووی پشکنینەکە لە ئەستۆی کۆمپانیا دەبێت.

**ماددەی بیست و یەک** - سەرپێچیکار بە پێبژاردن (غرامە) سزا دەدرێت بە پێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی (١٩٨١) کە لە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نابێت.

**ماددەی بیست و دوو** -ئەم ڕێنماییە دوای دوو مانگ دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

د. ڕێکەوت حمە رشید کریم
وەزیری تەندروستی
٢٠١٩/٤/

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی ناوەخۆ/ نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی هەرێم/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی و خۆراک/ بەشی چاودێری خۆراک. بۆ بەدواداچوون ئەنجامدانی کاری پێویست.
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو

B 2/4